HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network
هێلین

ئافرەت و پیاو لە تێگەیشتنی یەکتردا

د.ڤیان سلێمان

چۆنیەتی ژیانی ئێمەی مرۆڤ و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەوانیتر، بەندە بە تێگەیشتنەکانمان بۆ ژیان و پرسە مرۆڤایەتییەکان. وەک دەڵێن لێکتێنەگەیشتن سەرچاوەی هەموو کێشەکانە و تێگەیشتنیش چارەسەر. مرۆڤ لە ڕێگەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پانتایی ژیانکردنی تایبەت و گشتی تێگەیشتنەکانی دروست دەبن و ئامادە دەبێت بۆ ژیان. هەربۆیە ژینگە ڕۆڵی سەرەکی لە دروستبوونی تێگەیشتن و ژیانبینی مرۆڤەکان هەیە، ژینگەی پێگەیشتنی مرۆڤیش بریتییە لە خێزان و ژینگەی کۆمەڵایەتی، قوتابخانە، دواتریش لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ناوەندە مەعریفییەکان و ڕێوشوێنە ئایینی و پارتە سیاسییەکان تێگەیشتنی مرۆڤ فراوان و قووڵتر دەبێ، ئیتر بەرەو کرانەوە و پێشکەوتن یاخود داخران و دەمارگرژی ئاڕاستە دەگرێ، بێگومان ئەمەش بەپێی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئەو پرۆسە پێگەیاندنە کۆمەڵایەتییەی کە تاک پێیدا گوزەر دەکات و ئەو بیروڕایانەی کە وەریدەگرێ.

بابەتێک کە بەردەوام جێی باس و خواستی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و زانستە مرۆڤایەتییەکانە؛ پەیوەندییەکانی نیوان ئافرەت و پیاو و کێشەکانی نێوان ئەم دوو مرۆڤە و تێگەیشتنیانە لە یەکتر و ڕوانینیانە بۆ ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتییان. سەرەتاکانی تێگەیشتنی ئەم دوو مرۆڤە ڕەگەز جیاوازە بۆ ڕۆڵ و بایەخی یەکتر لە خێزان و دواتریش قوتابخانە و ناوەندەکانی دیکەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، تا چەند خێزانەکان منداڵ لەسەر بنەما و پرەنسیپەکانی یەکسانی جێندەری و ڕوانینی مرۆڤانە پەروەردە دەکەن و دواتریش قوتابخانە، ناوەندە هزری و مەعریفی، ناوەند و دامەزراوە ئایینی و کولتوری و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و..تد، چ جۆرە بەرنامە و پرۆگرامێک دەخزێننە هزریانەوە.

کارەسات ئەوەیە خێزان بەپێی تێگەیشتنی خۆی و بە کاریگەری ترادیسیونی باو و لەسەر بنەمای تێڕوانینی ڕەگەزی و بەپەسەندتر زانینی ڕەگەزێک لە ئاست ڕەگەزەکەی دیکە کچ و کوڕەکانی پەروەردە بکات، لێرەشدا ئاشکرایە کە ئەو پەروەردەیە بە تایبەت لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا لەسەر بنەمای هزری باوکسالاری و باڵادەستی پیاوە، کە دواتریش ڕێوشوێنەکانی دیکەش پشتیوانی ئەو هزرە دەکەن و تێگەیشتنێکی نادروست و دوور لە بەها هاوچەرخ و یەکسانەکان لە هزری پیاو دروست دەبێ و هەندێ جاریش تێگەیشتنێک لە هزری ئافرەت دروست دەکرێت و ڕادەهێنرێت بە سەروەری و سالاری بۆ پیاو و گوێڕایەڵی و ملکەچی لای ئافرەت. دۆخێکی لەو شێوەیەش بەهیچ شێوەیەک تەندروست نییە و ناهاوسەنگی لە پەیوەندییەکاندا بەردەوام نابێ و لە هیچ بارێکدا ستەملێکراو تا کۆتایی لە ئاست ستەم بێدەنگ نابێت. هەروەک ستەمکاریش بەختەوەر نابێت.

هەربۆیە کێشەکانی نێوان ئافرەت و پیاو بەردەوام لە زیادبووندایە و نادادپەروەرییەکی زۆر بەرامبەر ئافرەت هەیە و نایەکسانی لە پەیوەندییەکان و لە کۆی کایەکانی ژیان بەردەوامە. سەرچاوەی سەرەکی ئەم کێشانەش پەیوەندی بە تێگەیشتنی پیاو بۆ ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەی سەرچاوەی نادادپەروەری و نایەکسانییەکان هزری باوکسالارییە و هەر ئەو هزرەش دەیپارێزێ و بەردەوامی پێ دەدا لە پێناو پارێزگاریکردن لە هەژموون و دەسەڵاتی پیاو. لەلایەکی دیکەش تێگەیشتنی ئافرەتیش بۆ ڕۆڵ و پێگەی پیاو و شێوازی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پیاودا پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە.

پیاو و ئافرەت دوو مرۆڤی بە ڕەگەز جیاوازن، بەڵام بە پلەی مرۆڤایەتی و ڕۆڵ و پێگە دەبێت یەکسان و هاوبەها و گرنگی بن. هزری باوکسالاری زیانی یەکجار زۆری بە ئافرەت گەیاندووە، لەهەمانکات پیاویش لەم ناهاوسەنگییە زیانمەندە، ئەگەر بە پێوەرە مرۆڤایەتییەکان لێی بڕوانین، چونکە دواجار پێشێلبوونی بەها و فەزیلەتە مرۆڤایەتییەکانە لە خودی پیاودا!. تێگەیشتنی پیاو لەوەی ئافرەت وەک ئەو مرۆڤە و ئەو سەروەر نییە و ئافرەت پاشکۆ، ئەو پڕ توانا نییە و ئافرەت بێ توانا، ڕاستی لای ئەو نییە و ناڕاستی لای ئافرەت، هەروەها تێگەیشتنی ئافرەت لەوەی پیاو لەو زیرەکتر و بەتواناتر نییە، پیاو سەروەری ئەو نییە، ئەو پێویستی بە پیاو نییە تا بیپارێزێ و بژێوی بۆ دابین بکات، سەرەتای چارەسەری کێشەکان و ڕاستکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو مرۆڤەیە، باوەڕهێنانی پیاوە بە هاومرۆڤی و هاوبەهایی و هاوپێگەیی لەگەڵ ئافرەتدا و متمانەکردنی ئافرەتە بە بوون و تواناکانی خۆی و نەخێرە بۆ پاشکۆیی و ژێردەستەیی.

ئێمەی ئافرەتانی کوردستان، لە ئێستادا لەم قۆناغەداین و هەموو سیماکانی قۆناغێکی لەو شێوەیە دەرکەوتوون. شکاندنی تەلیسمی دابونەریت، ڕەتکردنەوەی ستەم و دەنگهەڵبڕین لە ئاست توندوتیژییەکان، چوونە بازاڕی کار و کایەی ئابووری و سیاسەت و ڕاگەیاندن و هێزەکانی پاراستنی تەناهی، گۆڕانکاری لە چەمکە کۆمەڵایەتییەکان و هاتنەئارای چەمکە نوێ و هاوچەرخەکان، ئەویش بە کۆششی بزووتنەوەی ئافرەتان و کاریگەری گۆڕانکارییەکانی سەردەم، هەموو ئەوانە پەیامی ئێمەن بۆ پیاوانی کۆمەڵگەکەمان، لە پێناو دروستبوونی تێگەیشتنێکی گشتی لای پیاو سەبارەت بە گرنگی ڕۆڵ و دانانان بە تواناکانی ئافرەت و یەکسانی و هاوبەهایی لەگەڵ ئافرەت و ڕاستەڕێبوونی پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای پێوەرە مرۆڤایەتییەکان. ئەمەش پێویستی بە پێکەوە کارکردن و تێکۆشان لەلایەن ئافرەتان و پیاوانی بیرکراوە و یەکسانخواز هەیە بۆ گۆڕینی سیستەمی باوکسالاری و جێگرتنەوەی بە سیستەمی مرۆڤسالاری.

پەروەردەی خێزان

پێگەیاندنی نەوەکان لەچوارچیوەی خێزاندا بەیەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی خیزان دادەنرێت و ئەم ئەرکەش گۆرانکاری بەسەردا هاتووە لەئەنجامی ئەو گۆرانکارییانەی بەهۆی گەشە و بەرەوپێشچونی بواری سیاسی یان ئابوری ئان کلتوری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژییەوە هاتونەتە کایەوە.

پرۆسەی پێگەیاندن لە سێ ئەرکی سەرەکی پێکدێت :

- پەروەردەکردن
- خۆراک پێدان
- گەشەپێدانی توانا مرۆییەکان

ئەم سێ ئەرکەش بە گرێدراوی لەرووی جێبەجێکردنەوە بە ئەرکی سەرەکی دایک و باوک بۆ منداڵ دادەنرێت، کەلەتەمەنی یەک ڕۆژ تا تەمەنی ١٨ساڵی لەچوارچیوەی پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوکەوە ئەم پرۆسەیە بە بەردەوامی جێبەجێدەکرێت.

پەیوەندی دایک و باوک بە منداڵ و هەرزەکارەوە کۆمەڵێک بەهای باڵێ دەستی بەسەردا دەگرێت لەوانە:

_خۆشەویستی: یەکەم بەهای بونیاتنەری ژیانی خێزانییە و بەخشینی خۆشەویستی و سۆز لەلایەن دایک و باوکەوە بە مناڵەکانیان بە گرنگترین ئەرکی خێزان هەژمار دەکرێت.

_ تێگەیشتن: کاتێک دەبێتە ئامانجی دایک و باوک لەپێکەوەنان و بەڕێوەبردنی پەیوەندی نێوان خۆیان، هەر ئەمەشە دواتر پشتی پێدەبەستن بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانیان بە منداڵەکانیانەوە، هەر ئەو لێکتێگەیشتنەشە دەبێتە گەرەنتی بە واقیعبوونی پەروەردەی دروست لە چوارچیوەی خیزان و پاراستنی خێزان لەزۆرینەی کێشەو گرفتەکانی تایبەت بە پەیوەندی نێوان ئەندامەکانییەوە، هەروەها پاراستنی خێزان لە گرفتەکانی تایبەت بە پەیوەندی ئەندامەکانی بە ئەندامانی دەرەوەی خێزانەکەوە.

_ دادپەروەری: ئەو بەها کۆمەڵایەتییە، کە بەرجەستەبوونی لەپەروەردەی خێزانییدا ئەرکی دایکایەتی و باوکایەتی دەکاتە واقیع، هەروەها هاوسەنگی بۆ لایەنی دەروونی و سۆزداری و هەڵچونی ئەندامانی خێزان دێنیتەدی، سەرئەنجام بەهەمان دووری دایک و باوک لەجگەرگۆشەکانیان دیار دەبن.

_ پابەندبوون: بەواتای گرنگیدانی دایک و باوک بە منداڵەکانیان و دانانی بە پلەی یەکەم لە ریزبەندی کار و پێگە گرنگەکانی ژیانیان بۆ مندالەکانیان دێت وە پابەندبوون بە پەیمانی دایکایەتی و باوکایەتی ناوزەند دەکرێت.

لەمەوە تێدەگەین کە تا چ ئاستێک دایک و باوک بتوانن سەنتەربوونی بەها باڵاکان رەچاو بکەن لەپێکەوەنان و بەڕێوەبردنی بوێری ژیانی خێزانیدا ئەوەندە خێزان دەبێتە خاوەنی ژیانێکی ئاسودە و سەرکەوتوو.

هێلین میدیا

ژمارە (٣٤٥٠) ٢٠٢١/٤/١٩

شیما مستەفا

تەکنولوژی و بکارئینانا وێ

تەکنولوژی د ڕوژا مە دا د سەرجەم بوارێن ژیانێ دا ڕولێ خوە دبینت، هەر کەسەک ب کێماسی ئالاڤەکێ تەکنولوژیێ لگەل هەیە و بوویە پارچەک ژ ژیانا روژانە یا مروڤان د ناڤ جڤاکان دا. دەست ڤە ئینانا ب ساناهی یا ڤان ئالاڤا بێ سنورە و ب هەر ڕێکەکا هەبت کەس ڤان ئالاڤا ب دەست خوە ڤە دئینن بو برێکرنا کارێن خوە یێن ڕوژانە. ئەڤجا ئەڤ ئالاڤە چ تەلەفون بن یان ئالاڤێن مەزنتر وەک لاپتوپ و کومپیوتەر و یێن دی، کو بارا پتریا وان کارێن وەکهەڤ دکن و ب ساناهی د ئێخن. لگەل وەرارا تەکنولوژیێ و بوارێن وێ ئاریشێن وێ ژی ڕێکێن جودا جودا ب خوە ڤە دیتینە ژ وانا خراب بکار ئینانا ڤان ئالاڤان وەک بێزارکرنا کەسێن دی تایبەت ب ڕێکا تورێن جڤاکی و پوستێن ئەلەکترونی، ئەگەرێ ڤێ چەندێ یێ سەرەکی نەبوونا ڕەوشەنبیریا بکار ئینانا تەکنولوژیێ و نەزانینا مفا وەرگرتنێ یە ژ تەکنولوژیێ، ئەڤ چەندە هەر چەندە ل سەر ئاستێ جیهانێ هەیە بەلێ د ناڤ جڤاکێن پاشکەفتی دا دیاردا بکار ئینانا خراب یا ئالاڤێن تەکنولوژیێ سەرەڕای هەبوونا یاسایێن تایبەت بو ڕێگری کرنێ بەردەوام هەیە و گەلەک کەس دبنە قوربانی ڤێ نەزانینێ.

نەبوونا تێگەهشتنێ خالەکا گرنگە د ڤی بواری دا وەک د بوارێن دی یێن جڤاکی دا و تێگەهشتن و ڕێزگرتن خالێن گرنگن بو پێشکەفتنا جڤاکی و پەیوەندیێن جڤاکی ل سەر بنەمایێ ڕێزگرتن ل کەسێن بەرامبەر دهێتە ئاڤاکرن بەلێ ئەگەر ڕێزگرتن نەما یان لاواز ژی ببت وی دەمی ئاریشە پەیدا دبن و شەنگستەیێن جڤاکی دهێنە ژناڤبرن، ب پێشکەفتنا تەکنولوژیێ پەیوەندیێن جڤاکی کەفتن د کەتوارەک جوداتر ژ یێن پێشتر و ل جهێ ئاخفتن و دان و ستاندنێن ڕوی ب ڕوی بووینە دان و ستاندنێن ئەلەکترونی ب ڕێکا بەرنامێن ئنترنێتێ، ژ لایێ دی ڤە تورێن جڤاکی ب ساناهی کەس دشێن خوە تومار بکن ئەڤە ژی بوویە ئەگەرێ وێ چەندێ گەلەک کەس ل جهێ هژمارەکێ دوو یان پتر هژمارا بکار بینن و ڕێکێن ساختەکاریێ د زانیارییێن کەس یدا دهێنە کرن و ب ڕێکێن جودا کەسێن دی بێزار دکن یان گەفا لێ دکن بێی کو ناڤێ خوە یێ درست نیشا کەسێ گەف و بێزار لێ کری دیار بکت، ئەڤە نە بتنێ دبت ئەگەرێ ئاریشێن جڤاکی بەلکی ئاریشێن یاسایی و زیانێن دەروونی پەیدا دکت و گەف لێ کری بەردەوام هەست ب مەترسیێ دکت ژ بەر کو لایەنێ گەفان لێ دکت دیار نینە و دبت ئەگەرێ نە دیار بوونێ و ل دویڤدا نەخوشی و بێزاریێ پەیدا دکت. ئەڤجا یاسا بتنێ بەس نینە بو ڕێگری کرن ل ڤێ دیاردا نە شارستانی پێتڤی یە ب گەلەک شێوازێن جودا جودا بهێتە هەوڵدان دا کو ئەڤ دیاردا کرێت و دویر ژ شارستانیەتێ و مروڤایەتیێ نەمینت.

ئافرەت و هێزی کار

لەجیهانی ئەمڕۆدا سێکتەرە جیاوازەکان توانیویانە هەریەکەیان بەپێی زەروورییەتی کۆمەڵگە و جیهان ڕۆڵی سەرەکی ببینن. یەکێک لەو سێکتەرانە کەراستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی تاک هەیە و لەئاستی جیهانیشدا بۆتە فاکتەری دەست بەسەرداگرتنی جیهان، سێکتەری ئابوورییە.

لەکۆمەڵگەدا، هەردوو ڕەگەز هەوڵی بەدەستهێنانی سەرچاوەیەکی ئابووری باش ئەدەن یاخود دەبنە سەرچاوەی ئابوری بۆ کۆمەڵگەش، پرسی جەوهەری لەم نێوەندەدا ئەوەیە ژنان و ئافرەتان تا چەند توانیویانە ببنە سەرمایەدارێکی بەتوانا یاخود هەرنەبێت ببنە خاوەن سەرچاوەیەکی ئابوری سەربەخۆ.

ڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئاستی بەرهەم هێنان و توانا جەستەییەکانی ژنان گۆرانی بەسەردا هاتوە، ئێستا ئافرەت خۆی خاوەن کارە و بۆتە سەرچاوەی بژێوی بۆ کەسانی دیکەش بەهەردوو ڕەگەزەوە، لەلایەکی دیکەوە کۆمپانیاکان هەوڵ ئەدەن هێزی ئافرەتان بخەنە گەر لەبەر پابەندبونیان بەکات و بەردەوامبونیان لەکارەکەیان، هەرچەندە ئەم خاڵە مشتومڕی زیاتر هەڵدەگرێت بەتایبەت لەرووی کرێی کارکردنەوە کە بەراورد بە ڕەگەزی نێر جیاوازترە، بەڵام لەهەموو ئەگەرەکاندا بەهرەو سەلیقەی ئافرەتان هۆکاری بەرجەستەکردنی ژینگەیەکی ئابوری باشترە بۆ کۆمپانیاکان و پاراستنی سەرمایەکانیان.

دەکرێت ئاماژە بە چەند خاڵێک بدەین کە فاکتەری پاراستن و بەردەوامی هیزی ئابووری ئافرەتانە:

١.پێداگیری و بەردەوامبوون لەسەرکەوتن، دەبێتە چەقی بەرەوپێشکەوتن و پاشکەوتکردنی باشتر.

٢. یەکسانی موچە و کرێی کار هاندەرێکی ئەرێنیە بۆ هەردوولا، هەم بۆ دەستی کاری ئافرەتان و لەلایەکی دیکەش بۆ خاوەن کار و کۆمپانیاکان.

٣.هەوڵدان بۆ بوون بەلیدەر لەنێوەندی کارەکەدا، بەپێی توێژینەوەیەک لە ٣٪ ژنان لەهەوڵی بون بەلیدەر دەدەن لەکاردا، ئەم بێ ئامانج و خواستی نەبونی بە لیدەر دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنان هەمیشە لەکارکردندا لەخوار پیاوانەوە بن و جێبەجێکەری فەرمانەکانیان بن.

٤. بەرجەستەکردنی کلتوری داهێنان و برەودان بەتوانا مرۆیی و جەستەییەکان.

٥.تێکشکان و خولقاندنی کلتوری گرنگیدان بە توانای ئافرەتان لەبواری ئابوریدا، ئەم خاڵە لەزۆر کۆمەڵگەدا بەرچاو دەکەوێت کە هێزی کاری ژنان بەهەند وەرناگیرێت، لەبەرامبەر ئەم بیرکردنەوەیەدا دەبێت ژنان زیاتر گرنگی بەتوانا مرۆیی و جەستەییەکانی خۆیان بدەن، بۆئەوەی کۆمەڵگە سود لەهێزی کاریان وەربگرێت.

٦.زاڵبون بەسەر کۆسپ و ڕێگرییەکاندا، تەنانەت ئەگەر لەسەختترین کاردا بوو دەبێت بۆ سەرکەوتن و بەردەوام بون لەکارەکەی هەوڵی فێربون و گەشەپێدانی خۆی بدات بۆئەوەی قۆناغە سەختەکان تێپەڕێنێت نو لانی کەم ببێتە خاوەن ئابووری سەربەخۆ.

کاڵێ

„ زاڵبون بەسەر کۆسپ و ڕێگرییەکاندا، تەنانەت ئەگەر لەسەختترین کاردا بوو دەبێت بۆ سەرکەوتن و بەردەوام بون لەکارەکەی هەوڵی فێربون و گەشەپێدانی خۆی بدات بۆئەوەی قۆناغە سەختەکان تێپەڕێنێت نو لانی کەم ببێتە خاوەن ئابووری سەربەخۆ

نویترین زیانێن ڤەخوارنێن گازی بو ئافرەتان

لدیف نویترین لێکولینا دبوارێ تەندروستیا ئافرەتاندا، ڤەخوارنێن گازی دبینە ئەگەرێ زێدەبونا توشبونێ ب نەخوشیا شێرپەنجا مەمکی،کو ئەڤ نەخوشیە دبیتە ئەگەرێ مرنێ، سالانە پتر ژ(١٠) مليون ئافرەتان پێ دمرن.

لێکولین کۆ ل زانکویا (لاڤال)یا کەنەدی هاتیە ئەنجامدان،دەرێخست کۆ ڤەخوارنێن گازی ڕێژەکا زورا شەکرێ دناڤ دایە.

ئەگەرن ژبو زێدەبونا شێرپەنجا مەمکی،لەیف هەمان ڤەکولین ئەو ڤەخوارنێن گازی دبنە ئەگەرێ زێدەبونا خانێن مەمکی،کێمبونا چەوریێ مەمکی،ئانکو ئەگەرێ سەرەکی یە بو توشبونا شێرپەنجا مەمکی.

ڕێژین نهێلی

کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا لەسەر خێزان

سۆشـیال میدیا لـە ئێسـتادا بۆتە یەکێک لە ئامرازەکانـی جێبەجێکردنـی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک، زۆربەی کەس لە جیهاندا بۆ ئاسانکاری ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەکاریدێنن، بەڵام لە لایەکی تریشـەوە کاریگەری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی خێزان هەیە.

کارزان بەختیار

لانە ئامانج

سەلام کمال

پارێزەری راوێـژکار، کارزان بەختیار لەم بارەیـەوە دەڵێـت: تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەشـێوەیەکی بەرچـاو کاریگەرکردۆتە سـەر پەیوەندی خێزانی لەهەموو بوارەکانی ژیان، یەکێک لەوانە ئەوەیە پێشـتر خەڵکی زیاتر سەردانی خێزانی دەکرد بۆ ماڵی یەکتر یاخود لێـک نزیکبوونەوەیەک هەبوو، بەڵام ئێسـتا بەهـۆی هاتنی تـۆڕی کۆمەڵایەتی بەهەموو جۆرەکانیەوە لەوانەیە لەیەک بپرسین و تەنها بـە دەربڕین کۆتایی بێـت لەبری یەکبینین. جگە لەمانەش بۆتە هۆی سسـتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەناو یەک خێزانیش نەک لەنێوان خێـزان و خێزانێکی دیکە کە هەر تاکێک لە خێزانێکـدا ئامێرێکی زیـرەک یاخود زیاتری لەدەستە کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرقاڵیَ و دوور کەوتنەوە لەوانی تر.

بێگومان تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆتە هۆکاری هەڵوەشانەوەی خێزان و ئەمە راستیەکی تاڵ و بەرچـاوە لەهەموو دادگاکانی کوردسـتان و عێـراق. بەداخـەوە لـەرۆژگاری ئەمڕۆدا یاسای مۆبایل و پەیوەندی کۆمەڵایەتی تێرو تەسـەل نیە و پێویسـتی بەهەموارکردنەوە هەیە چونکە هۆکارەکانـی و جۆرەکانی زۆر زیاتـرن وە بەپێـی جۆرەکانی تـاوان زیاد دەکات و دەبێت یاسـاش سزای توندی ئەو کەسـانە بدات، هەموو ئەو کێشانەی کە روو دەدەن لـە یەک لایەنە ناکرێـت واتە ئەگەر پیاو دەستپێشـخەری بکات بەڵام ئافرەتەکە لەگەڵی نەبێت یاخود رایبگرێت ئەو بێگومان لایەنی بەرامبەریشـی ناتوانێت هیچ شـتێک بکات.

تۆڕی کۆمەڵایەتی بۆتە هۆی دروستبوونی خیانەتی هاوسـەرگیری و کێشـەی گەورە دروسـت دەکات کـە بەهـۆی تـۆڕە کۆمەڵایەتیـەکان چ لایەنـی خیزاندارەکان و چ لایەنی ئەوانەی هاوسـەرگیریان نەکردووە کـە بەڵێـن بەیەکتـردان و هەڵخەڵەتاندنی کـە دەبێتە هۆی تێکدانی شـیرازەی خێزان و دروسـتبوونی خیانەتی هاوسـەرگیری و ئەو هاوسـەرانەی تووشی ئەم کێشانە دەبن لەنێوان (١٨ بۆ ٤٠)دایە بەڵام زیاتر لەنێوان (١٨ بۆ ٢٥) روودەدات.

لانە ئامانج، پارێزەر و سەرۆکی رێکخراوی لانەی ژنان سـەبارەت بـەم بابەتە بۆچونی وایە کە تـۆرە کۆمەڵایەتیەکان بە رێژەیەکی یەکجار زۆر کاری کردۆتە سـەر پەیوەندییە خێرانییـەکان بەتایبەت نێوان ژنان و پیاوان واتە هاوسەران زۆری کێشەکانیان پەیوەندی بە تۆرە کۆمەڵایەتەکانەوەیە هەڵوەشانانەوەی گرێبەسـتی هاوسەری بەشـی زۆری کێشە کۆمەڵایەتیەکانـە و پەیوەسـتە بـە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان.

بەشـی زۆری ناپاکی هاوسـەری بەهۆی تـۆرە کۆمەلایەتیەکانە چونکە پیاو لەکاتێک دا چەندین اکاونتی فەیکی هەیە و پەیوەندی سـۆزداری دەبەسـتێ لەو کاتانـە بێگومان بەپێی پێویسـت لەگـەڵ خێزانەکەی نابێ و کێشـەو گرفت روودەات وە بەهمان شـێوە ئافرەتانیـش ناکرێت بلێین تەنها پیاو بەڵکو زۆربەی کەیسـەکانی لە دادگان ئافرەتانیشن کە ناپاکی هاوسـەری دەکـەن لەرێی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانـەوە تـوش بوونـە دەکرێت بڵێن هەردوکن بەڵام پیاوان زیاتر ئیستیغلال دەکەن بۆ نموونە هەرەشـە و کێشە بۆ ژنان و وە بەتایبەت کچان دەنێنەوە کە تووشـی کێشەی کۆمەڵایەتی و بە لارێیان ببەن.

تـۆرە کۆمەڵایەتیـەکان و سۆشـیاڵ میدیا بەشـێوەیەکی گشـتی دەکرێت بڵێن سوودبەخشە و سـوودی گەیاندووە بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمە چونکە لەناکاو پێشـکەوتن و ئـەو گۆرانکاریـە روویدا وایکرد بەشـێک بەشـێوەی ناتەندروسـت بـەکاری بهێنـن و ئێسـتا بۆتە بەشـێکی گرنگ لـە ژیانی هەمـوو تاکێک بگرە منداڵانیش، بۆیە هەموو شتێک گۆرانکاری بەسـەردا هاتووە تەنانت بیرکردنـەوە و هەلسـوکەوت کەچی کەلتور ودابو نەریتی خۆمانیـان بیرنەماوە، ئەوەیە رێژیکی زۆری کێشـەکان پەیوەستە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا.

لە هەموو تەمەنێک هەمانە هاوسـەران کە تووشی کێشـە دەبن بەڵام زۆرتریان تەمەنە بچووکەکانـن لەبەر ئـەوەی زووتر بڕواکردن و توانای کەمتریان هەیە بەسـەر کێشەکان زاڵ بـن و ئـەوان زیاتـر تووشـی کێشـە کۆمەڵایەتیەکان دەبنەوە.

سەلام کمال، چالاکوانی مەدەنی سەبارەت بـە بەکارهێنانی سۆشـیال میدیـا دەڵێت: بێگومان بەکارهییانی مۆبایل و بەرنامەکانی مۆبایل سۆشیال میدیا بە گشتی تا رێژەیەک بونەتە هۆی پەیوەندی خیزانی چونکە تاکی کۆمەڵگە رۆژانە زیاتر لە ١٢ کاتژمێر خەریکی سۆشـیال مدیایە ئەمـەش دەبێتە دابران لە خێـزان و گرنگینەدان بە خێزان، من پێموایە بەڵـی سۆشـیال میدیا بۆتە هـۆکارەک بۆ هەلوەشـاندنەوەی نێوان خیزانەکان و وەک باسـم کرد رۆژانە زیاد بەکارهێنانی فیسبوک و ئینسـتاگرام و تکتۆک و هتد... هۆکارەکە دەبیتە کێشە لە نێوان هاوسەرەکان.

لە رووی یاسـایی بە پێـی ماددەی ٢ ی خـراپ بەکارهێنانی موبایل لـە لایەن هەر دووک رەگەز بەڵی سزای هەیە ئەمەش بەپێی ئەم کیشـەیی دروسـت دەبێت چونکە هەر کێشـە و سـزایەکی تایبەتی هەیە لە شەش مانـگ کەمتر نیە بۆ هـەر تاوانێک پێموانیە هەموو ئەو کێشـانەی لە خراپ بەکارهێنانی سۆشـیال میدیا بگەریتەوە بۆ یەک لایەن چ پیاو چ ئافـرەت دەتوانیت موبایل بە خراپی بەکاربهینێت وە دەتوانێت مۆبایل بە باشـی بەکاربهینیت چونکە بەکارهینانی سۆشـیال میدیا چۆن لایەنـی خراپ بەکارهینانی هەیە ئاوا لایەنی باشـی تێدایە بەڵی بەکارهێنانی موبایـل هۆکارێکە بـۆ خیانەتکردن چونکە زووتر پەیوەندیەکان دروست دەکات لە نێوان هەر دوو رەگـەز، هۆکارێکە بۆ لێکترازان لە نێوان خێزانـەکان و گرنگینەدان بە خیزان، بیگومان ئەوانەی توشـی خراپ بەکارهینانی موبایـل و سۆشـیال میدیـا لەسـەرەتای پەیوەندی نێوانیان زوو متمانە بەیەک دەکەن ئەمانە لە تەمەنیکـی بچووکدان، پێموایە لە نیوان ١٨ سـالی بۆ ٢٥ سـاڵێ زیاتر توشی کیشە و گرفت دەبن.

بۆیە دەبێت چالاکوانـان و رێکخراوەکانی کۆمەلـی مەدەنی لەگەڵ لیژنـەی پەرلەمان تایبەتمەند بەم بوارە ماددەی ٢ لە یاسـایی خراپ بەکارهینانی موبایـل هەمواربکەنەوە تاکو سـزای توندی ئەم کەسانە بدرێت کەوا موبایل و سۆشیال میدیا خراپ بەکار دەهێنن چونکە ئەم سزایە ئیسـتا بەسەر تاوانباران دەچەسپیت وەک پێویست نیە.

هێلین میدیا

هەولێر ژمارە (٣٤٥٠) ٢٠٢١/٤/١٩

لە هێلینەوە

دوو کچە ئەندازیاری گەنج کە هەردووکیان تەمەنیان ٢٤ ساڵە و دەرچووی زانکۆی بەسرەن لە عێراق، بڕیاریاندا ئەو کولتووره پیاوسالارییە بشکێنن و لە جیاتی وەرگرتنی پۆستە ئیدارییەکان لە پیشەسازی نەوت بە شێوەیەکی کرداری لە بەشی دەرهێنانی نەوت ئیش بکەن ."ئەمجەد" کە یەکێکە لە ئەندازیارە کچەکان لەو بارەوە دەڵێت: من ناچارم هەندێ جار شەش هەفتە لە کارگەی هەڵکەندنی چاڵ بمێنمەوە،هەرچەندە پیاوەکان بە منیان دەوت تەنیا پیاوەکان دەتوانن بەرگەی ئەو بارودۆخە سەختە بگرن، بەڵام من بە پێچەوانەی بیروڕای ئەوان دەمەوێ بیسەلمێنم کە دەتوانم و لە ئیشەکەم بەردەوام بم.

– بە پێی راپۆرتێک کە لە لایەن" راشل شابی" رۆژنامەنوسی بەریتانیایی بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات، کە جیاوازی رەگەزی لە شوێنی کارکردن گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئافرەتانی تەمەن ٤٠ ساڵ بە شێوەیەکی بێ بەزییانە لە کارەکانیان دوور دەخرێنەوە، هەر چەندە ئەو ئافرەتانە لە وزەیەکی باشیشدان بۆ ئیشکردن، بەڵام پێیان دەوترێت،"ئێمە کەسانی گەنجمان دەوێت، بۆ ئەوەی بازاری بورسە و ئابووریمان بەرز بێتەوە و دانەرمێت.

–بە پێی راپۆرتێک کە لە" ڕووداوەکانی رکنا" بڵاوکراوەتەوە باس لەو دەکات کە لەو ماوەیەدا فیلمێکی نوێ لە بارەی ئاماری بەرزی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە وڵاتی ئەڵمانیا بڵاوکراوەتەوە کە باس لەوە دەکات بە شێوەیەکی مامناوەند لە سێ رۆژدا ئافرەتێک بە دەستی هاوسەری ئێستا یان پێشووی توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت یان دەکوژرێت.

–"مری ئان ویلیامسون" نووسەر و مامۆستای زانکۆ دەڵێ: "هەندێ جار کاتێک باس لە هێز دەکرێت، شتێک لەو کاتەدا کە بیری لێدەکەینەوە، مرۆڤێکە هێزی زۆری هەیە، یان خاوەن سامانێکی زۆرە، بەرای من ئافرەتی گەورە و بەهێز ئەو کەسە نییە پارەیەکی زۆری هەبێت، بەلکو ئافرەتی گەورە کەسێکی بروا بەخۆبوون و نەترسە کە بە تواناکانی رێگای ژیان بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.

– "گەش بینی" مەترسی توشبوون بە نەخۆشی شەکرەی جۆری ٢ لەو ئافرەتانەی کە لە تەمەنی وەستانی سووری مانگانە یان دوای ئەو قۆناغەدان کەم دەکاتەوە، لێکۆلینەوەکان زانیارییان لە ١٣٩ هەزار و ٩٢٤ ئافرەت کە لەو قۆناغەی تەمەنیاندان وەرگرت، لە ماوەی ١٢ ساڵدا ١٩ هەزار و ٢٤٠ کەس لەو ئافرەتانە تووشی نەخۆشی شەکرەی جۆری ٢ ببوون و زیاتر ئەو ئافرەتانە بوون کە لە ژیانیاندا هەستیان بە بێ هیواییەکی زۆر کردووە ونەرێنی بوون.

ئا:نەسرین حەسەن

تایبەتمەندییەکانی قۆناغی هەرزەکاری

دکتۆر "ئەحمەد مەجدوب"، پسپۆڕی تایبەت لەسەنتەری نەتەوەیی، بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتی و تاوانکارییەکان، دەڵێت : لە دیاریترین تایبەتمەندییەکانی قۆناغی هەرزەکاری ئەمانەن" نقوم بون لەئەندێشەکردنەوەدا،خوێندنەوەی چیرۆکی سێکسی، ڕۆمانی پۆلیسی، چیرۆکی توندوتیژی و تاوان، زیندەخەون، خۆشەویستی لەیەکەم نیگاوە، دەستدانە کاری مەترسیدار، ئارەزوی لاسایکردنەوە'.
"

پسپۆڕانی دەرونزانی و بواری کۆمەڵاتی و پەروەردەیی ڕێکەوتون لەسەر بەشداریپێکردنی هەرزەکار لە تاوتوێکردنی زانستیانە و ڕێکخراودا بۆچارەسەرکردنی کێشەکانیان، ئەویش بۆ ئەوەی هەرزەکار کێشەکانی بخاتە ڕوو، تا ئەوپەڕی دڵنیابوون لەخۆو ڕاشکاوانە لەگەڵ گەورەکاندا مامەلە بکات.

لەگرنگترین ئەو ڕێگانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرزەکار بەکاردەهێنێرێن:

١. هاندانی چالاکی بۆ هەرزەکارو ڕێکخستنی گەشت و بەشداریپێکردنیان لە چالاکیە مەیدانیەکاندا، هەروەها پێویستە ئاڕاستە بکرێن لەکاری دەستەجەمعیدا و بەشداریکردنیان لە پرۆژە خزمەتگوزاریە گشتیەکان و خولە هاوینییەکاندا.

٢. پێویستە دایکان و باوکان ئەوە لەبەرچاوبگرن، کە هەرزەکار لەکاتێکی جیاواز لەکاتی خۆیاندا دەژی، بۆیە ناکرێت باوان حەزیان لەچیکرد، ئەوەش بەسەر منداڵەکانیاندا بسەپێنن، ئەمەش چ لە ڕووی ئایدۆلۆژیەوە بێت یان ئاینیەوە بێت یاخود لە جۆری جلوبەرگەوە بێت یان لە خواردن و خواردنەوەوە و چێژ وەرگرتن لە هونەر و گۆرانی.

تێرکردن و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی هەرزەکار و پەراوێز نەخستنی ئاڕاستەکردنی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لێبووردەیی و سنگفراوانی لەبەرامبەر هەندێک لە هەڵوێستی کۆمەڵایەتی نادروستدا. پێویستە هەرزەکار لە خێزاندا هەست بەخۆشەویستی و یەکسانی و ئاسایش و سەربەخۆیی خۆی بکات و بەدوربێت لە ترسی لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی خێزان و شکست هێنان لە خوێندن و ملکەچی پێکردن.

فێرکردنی هەرزەکار بە بەرپرسیارێتی لەو شوێنەی تێیدا دەژی و پارێزگاریکردن لەو شتانەی کە لەبەردەستیدان و بەکارهێنانیان لە ڕێگەی ئیشی باش و بەرهەمهێنەرو دەرکردنی چەمکی مەترسیدار و هەڵە لە مێشکیدا و هاوڕێیەتیکردنی کەسانی نموونەیی وباش وفێرکردنی هەندێ ڕێگا بۆچارەسەرکردنی قەیران و ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکانی تر بەشێوەیەکی دانایانەو دورلەتوندوتیژی، پاداشتکردنی لەکاتی باش و پۆزەتیڤدا و دورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی ئەو زاراوانەی، دەبنە بێزارکردن و تورەکردنی هەرزەکار.

ڕێگەدان بە هەرزەکار و فێرکردنی بۆ گوزارشتکردن لە بیرۆکە و بارە ویژدانی و سۆزداریەکانی خۆی، بۆ ئەوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرزەکار ئاکامێکی باش بەدەستەوە بدات، پێویستە ئاگاداربین لەبەکارنەهێنانی گوزارشتی نێگەتیڤانە وەکو: "تۆ شکست خواردویت، کەلە ڕەق، سەرسەری، زماندرێژ، تۆقەت تێناگەیت،هەرگیزچاکنابیت، لەکۆڵمان بەرەوەو چەند گوزارشتێکی نابەجێی دیکە"، ئەم وشە و دەستەواژانە بەتەواوەتی هەرزکار لاواز و بێئومێد دەکات و توشی کێشە و ماندووبونی زیاتری دەکات، بەدەر لەوەی گفتوگۆ و ڕێگە چارەسەرەکان ئاکامی نابێت.

لێکۆڵینەوە زانستییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە لە ٨٠٪ کێشەکانی هەرزەکار بەهۆی ئەوەوەیە، کە باوان دەیانەوێت منداڵەکانیان بارگاوی بکەن بەدابونەریت و بیروبۆچونی کۆمەڵگەکەیان. لێرەدا پێویستە پەروەردەکاران دیالۆگ لەگەڵ کەسوکاری هەرزەکاردا بکەن، چونکە زۆر جار دایک و باوک لەحەز و ئارەزوو و پێداویستییە هەنوکەییەکانی هەرزەکارەکەی خۆی تێناگات و چارەسەریشی بۆ ناکرێت، ئاڕاستە و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن هونەری گوێگرتن لەم قۆناغەدا بەشێکە لە کێشەکانی هەرزەکار، هەروەها گرنگیشە ڕایەڵەیەکی هاوڕێیانەو زمانێکی ناسک بەکاربهێرێت لەگەڵ هەرزەکاردا.

قوتابخانەی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەستاوە بە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ٤٠٠ منداڵ لەسەرەتای تەمەنی باخچەی ساوایانەوە هەتا وەکو تەمەنی ٢٤ ساڵی، ئەویش لەسەر بنچینەی چاوپێکەوتنی ناوبەناووجیاواز لە تەمەنەکانی ٥، ٩، ١٥، ١٨، ٢١، ساڵی ئەو هەرزەکارانەی، کە لە خێزانێکی پتەو و پێکەوە بەستراودا کە تاکەکانی پێکەوە بڕیار دەردەکەن و لەدانشتنە خێزانیەکاندا خۆشەویستی ئاڵوگۆڕ دەکرێت و گرنگی بەیەکتری دەدەن، ئەم جۆرە خێزانانە کەمتر دەکەونە ژێر فشارەوە بە چاوێکی پۆزەتیڤەوە سەیری ژیان دەکەن، ئەمانە زیاتر توانایان هەیە لە چارەسەرکردن و ڕوبەڕونەوەی کێشەکاندا، بەپێچەوانەشەوە ئەو خێزانانەی ئەو مەرجانەی سەرەوەیان تێدا نەبێت زیاتر نیشانەکانی خەمۆکی و فشاری دەرونیان تێدا بەدەر دەکەوێت.

چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەرزەکاراندا

هەرزەکاری یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤ، ئەم زاراوەیە واتای ژیانی نێوان کۆتاییەکانی منداڵی و سەرەتاکانی پێگەیشتنە، بۆیە تاک لێرەدا هەوڵدەدات، بۆ سەربەخۆبوون. هەندێک لە زانایان ئەم قۆناغە دادەنێن بە لەدایکبوونی ژیانێکی نوێ، یان گەردەلوول، یاخود قۆناغی قەیرانی دەروونیی، لەبەر ئەوەی یەکێکە لە قۆناغە ناسکەکانی تەمەنی مرۆڤ، کە ئەویش ماوەی باڵقبونە، ئەم قۆناغە بەپێی کارتێکەری کۆمەڵایەتی و ژیاری و جوگرافی و کەلتووری و ڕەگەزی دەگۆڕێت، بۆ نمونە کچان زوتر دەچنە ئەم قۆناغەوە وەک لە کوڕان هەروەها ئەوتاکانەی لە ناوچە گەرمەکاندان زوتر دەچنە قۆناغی هەرزەکاریەوە وەک لە ناوچە ساردەکان. هەرزەکاریی لە کۆمەڵگە مەدەنیەکاندا شێوازی جۆراو جۆری هەیە بە پێی ئەو ژینگەیەی کە هەرزەکاری تێدا دەژی لەوانە:

١- هەرزەکاری سروشتی و خۆگونجێنەرو بێ کێشەو گرفت.

٢. هەرزەکاری کشاوە، لەکۆمەڵگەو خێزان و هەڵبژاردنی گۆشەگیری تەنیایی و تێڕامان لە کێشەکانی خۆی.

٣.هەرزەکاری شەڕانگێزو یاخی بو بەرامبەر بە خودو، تاکەکانی خێزان و قوتابخانە.

٤. هەرزەکاری لادەر، کە ئەمەش لە چەند ڕەفتارێکی لادەرانەدا خۆیان نیشان دەدەن وەکو بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان، دزیکردن، پوکانەوەو کاڵبونەوەی ئاکار.

ڕوخسارو تایبەتمەندیەکانی گەشەی هەرزەکاریی بە شێوەیەکی گشتی

١. گەشەکردنی جەستەیی- فیسیۆلۆژی- جوڵەیی: قۆناغی هەرزەکاریی جیادەکرێتەوە بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری جەستەیی خێرا، بەتایبەت لە سێ ساڵی یەکەمیدا بەهۆی زۆری ڕژێنی هۆرمۆنی گەشەکردنەوە، لەگرنگترین ڕوخسارەکانی گەشەی جەستەیی درێژبونێکی بەرچاوە لە بالادا، زیادبونی کێش، ئەمەش لەدەرئەنجامی گەشەیە لە خانەکانی ئێسکو و ماسولکەکانی دا، زۆربونی چەوری بەتایبەت لای کچان، هەروەها گەشەکردنی پەیکەری مرۆڤ. بە شێوەیەکی گشتی، لە ڕوخسارەکانی گەشەکردنی فیسیۆلۆژی بریتین لە گەشەکردنی قەوارەی دڵ، گەشەکردنی گەدەو گەورەبونی، کەئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی هەرزەکار توانای وەرگرتنی خواردنی هەیە بەشێوەیەکی زیاتر، بەهۆی ئەو گەشەکردنە خێرایەی کە ڕودەدات، وزەی زیادی لێدەبات.

گەشەکردنی جەستەیی- فیسیۆلۆجی، جێماوی دەرونیی، لەسەر هەرزەکار بەجێدەهێڵێت، بۆیە پێویستە لەسەر پەروەردەکاران و دایکان و باوکان ئەمانە لەبەرچاو بگرن، گۆڕانکاریە جەستەییە سێکسیەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە تێگەشتنی هەرزەکاریدا، بۆ نمونە کچان وەڵامدانەوەیان بۆ ئەم گۆڕانکارییە جەستەییانە دولایەنەیە، لەلایەکەوە شانازی بە کچێتی خۆیەوە دەکات و لەلایەکیشەوە شەرمەزارە لە دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانە و هەست بە دڵەڕاوکێ و ماندوبون دەکات، بە تایبەت لەکاتی سوڕی مانگانەدا، بەڵام لە ڕووی گەشەکردنی جوڵەییەوە هەرزەکار سست و بێتاقەت و ماندو بەدەردەکەوێت، زۆر جار جوڵەکانی هەرزەکار هارمۆنیەت و گونجان و وردیی پێوە دیارنیە وەکو، خۆپێداکێشان و بەرکەوتنی کەلوپەلی ناوماڵ، یاخود کەوتنە خوارەوەی شتومەک لە دەستی، هەموو ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ نەبونی هاوسەنگی.

٢. گەشەکردنی ژیری: گەشەکردنی زیرەکی گشتی و زیادبونی توانا لە پرۆسێسە ژیریە باڵاکاندا، وەکو بیرکردنەوە، وەبیرهێنانەوە، بەندن لەسەر تێگەیشتن و هەڵێنجان، و فێربونو خەیاڵکردنەوە، هەرزەکار لەم قۆناغەدا توانستە ژیریەکانی وەکو ماتماتیک زیاد دەکات، توانای مامەڵکردنی هەیە لەگەڵ ژمارەو زمانەوانی و وردی لە گوزارشت کردن، و توانی میکانیکی و هونەری و داهێنانی لا بەدەردەکەوێت، وەکو چالاکی بەرهەمێکی عەقڵی.

سۆزان محمد